زمانی کوردی سۆرانی

اللغة كردي سوراني

دليل المسلم الجديد، ما هو الإسلام؟

للشيخ د. هيثم سرحان

# ڕێبەری موسڵمانی تازە، ئیسلام چییە؟

Syaikh Dr. Haitsam Sarhan

# بەشەکانی تەوحید 3

بە تاکدانانی خوای گەورە بەوەی کە تایبەتە بە خۆیەوە لە پەروەردگاریێتی و خوداوەندیێتی و ناو و صیفاتەکان

وە جۆرەکانی سێ جۆرە :

### تەوحیدی پەروەردگاریێتی (الربوبية)

بە تاکدانانی خوای گەورە بە کردەوەکانی . یان : بە تاکدانانی خوای گەورە لە دروستکردن وموڵك و بەڕێوەبردندا .

### تەوحیدی خوداوەندیێتی(الالوهية)

بە تاکدانانی خوای گەورە لە پەرستندا یان بە کرداری بەندەکان .

### تەوحیدی ناو و صیفاتەکان ( الأسماء والصفات)

بە تاکدانانی خوای گەورە بەو ناوانەی کە ناوی خۆی ناوە و وەصفی خۆی کردووە لە کیتابەکەیدا یان لە سەر زاری پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەویش بە سەلماندنی ئەوەی خۆی بۆ خۆی سەلماندویەتی و نەفی کردنی ئەوەی خۆی نەفی کردووە لە خۆی , بە بێ هیچ لادانێك **(تحريف)** ێك وهیچ لەکارخستنێك **(تعطيل)** و چۆنییەتیەك**(تكييف)** و لێکچواندنێك **(تمثيل)** ێك .

# پلەکانی دین سێ دانەن

### ئیسلام

بریتیە لە : تەسلیم بوون بۆ خوای گەورە بە تەوحید , وە ملکەچبوون بۆی بە گوێڕایەڵی , وە بەریبوون لە شیرك و ئەهلەکەی (موشریکەکان) .

#### پایەکانی ئیسلام 5

1. هەردوو شایەتمانەکە .
2. ئەنجامدانی نوێژ .
3. زەکات دان.
4. ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان .
5. حەجکردنی ماڵی خوا بۆ ئەو کەسەی توانای لەسەر هەیە.

### ئیمان

بریتیە لە وتن بە زمان و باوەڕبوون بە دڵ و کارکردن بە ئەندامەکان , زیاد دەکات و کەم دەکات .

#### پایەکانی ئیمان 6

1. ئیمان هێنان بە خوای گەورە .
2. ئیمان هێنان بە فریشتەکان .
3. ئیمان هێنان بە کتێبەکان .
4. ئیمان هێنان بە پێغەمبەران .
5. ئیمان هێنان بە ڕۆژی دوایی .
6. ئیمان هێنان بە قەدەر خەیرەکەی و شەڕەکەی

### ئیحسان

خوای گەورە بپەرستیت هەروەکو ئەوەی دەیبینی وە ئەگەر تۆ ئەوت نەبینی ئەوا ئەو تۆ دەبینێ

یەك پایەیە و دوو پلەی هەیە :

1/ پەرستنی بینین : خوای گەورە بپەرستیت هەروەکو ئەوەی دەیبینی

2/ پەرستنی چاودێری : وە ئەگەر تۆ ئەوت نەبینی ئەوا ئەو تۆ دەبینێ.

# بەشەکانی قەدەغەکراوەکان 4

### شیرکی گەورە

خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات , خوای گەورە هەرگیز لێی خۆش نابێت ئەگەر لەسەری مرد , هاوەڵ بۆ خوای گەورە دادەنێت , داوای لێ دەکات هەروەکو چۆن داوا لە خوا دەکات , یان لێی دەترسێت یان تکای لێ دەکات یان خۆشی دەوێت وەکو خۆشویستنی خوا , یان جۆرێك لە جۆرەکانی پەرستنی بۆ ئەنجام دەدات.

### شیرکی بچووك

خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات , لە تاوانە گەورەکان گەورەترە , وەکو وتنی : خوای گەورە و تۆ ویستتان لێبوو , سوێند خواردن بە جگە لە خوا , ڕوپامایییەکی کەم , چاوەزارەکان , ڕەشبینی و شوومی , هەڵواسینی وێنەی دەست و موررو و نمونەی ئەوانە , وەکو هۆکارێکی پاراستن یان دوورخستنەوە چاو بەکاریان دەهێنێت.

### تاوانە گەورەکان

هەر تاوانێك سزایەکی تایبەتی لەسەر بنیات نرابێت , وەکو جادوو , ڕەنجاندنی دایك و باوك , سوو , زینا , نێربازی , درۆ , خواردنەی مەی , دزی , غەیبەت , کوشتنی ئەو نەفسەی خوای گەورە حەرامی کردووە ئیللا بە حەقی خۆی نەبێت , خواردنی ماڵی هەتیو.

### تاوانە بچووکەکان

لە تاوانە گەورەکان بچوکترە , تاوانە گەورەکان بە داوای لێخۆشبوون نامێنێت , وە تاوانە بچوکەکان بە بەردەوام بوون گەورە دەبن , پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : وریابن دوور بکەونەوە لەو تاوانانەی بە کەم و بێ بایەخی دەزانن , جا ئەوانە کۆ دەبنەوە لەسەر خاوەنکەی تاوەکو بە هەلاکەتیدا دەبەن .

# چۆنییەتی دەستنوێژ و تەیەموم و غوسلکردن 2

زمانی کوردی سۆرانی
اللغة الكردية السورانية

## چۆنییەتی دەستنوێژ

1
به دڵ نییەتی دەستنوێژ دەهێنێت و ئەمجار دەڵێت : (بسم الله) ئەمجار هەردوو دەستی دەشۆرێت .



2
ئەمجار بە دەستی راستی ئاو دەبات و وەریدەداتە دەمی ( ئاوەکە دەخاتە دەمی و لە دەمیدا دەیسورێنێتەوە) ، ئەمجار ئاوەکەی دەمی فرێ دەدات (واتە لە دەمی دەریدەهێنێت) ئەمجار ئاوەکە دەخاتە لووتی ( واتە بە لووتی ئاوەکە رادەکێشێت) ئەمجار دەریدەهێنێت (واتە پەنجەی شایەتمان و پەنجە گەورەکەی دەخاتە سەر لووتی ئاوەکە دەردەهێنێت).



ئەمجار روخساری دەشۆرێت (لە جێگای دەرچوونی قژەکەیەوە تاوەکو کۆتایی ریش و چەناگەی ، ئەمە بە درێژی .وە نێوان هەردوو گوێی بە پانی) .



4
ئەمجار دەستەکانی دەشۆرێت لە سەرەتای پەنجەکانییەوە لە گەڵ هەردوو ئەنیشکیدا ، بە دەستی راستی دەست پێ دەکات ئەمجار دەستی چەپی .



5
ئەمجار هەموو سەری دەسرێت (مەسح دەکات) ، سەرەتا بە هەردوو دەستی لە سەرەتای سەرییەوە دەست پێ دەکات تاوەکو پشتە سەری ، ئەمجار جارێکی تر لە پشتەوە دەیهێنێتەوە بۆ پێشەوەی سەری .



6
ئەمجار هەردوو پەنجەی شایەتمانی دەخاتە ناو هەردوو گوێی و بە هەردوو پەنجە گەورەی پشتەوەی گوێی دەسرێت



7
ئەمجار هەردوو پێی بە قاپەرەقەوە دەشۆرێت .



8
حوکمی زیاد لەو ئەندازەیەی شەرع دایرشتووە ؟
دروست نییە لەو ئەندازەیەی شەرع دایناوە لە دەستنوێژدا زیاتر ئەنجام بدرێت ، وەکو ئەوەی سێ جار زیاتر بیشۆرێت ، یان دەستەکانی لە سەروەی ئەنیشکەکانی بشۆرێت ، یان سەروەی قاپەرەقەی بشۆرێت لە قاچەکانی ، یان ملی مەسح بکات .



9
دوای ئەوەی لە دەستنوێژەکەی بووەوە دەڵێت :
"أَشهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وحدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ".
"اللَّهُمَّ اجعَلنِي مِنَ التَّوَّابِينَ واجعَلنِي مِنَ المُتَطَهِّرِينَ".

10
لە هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ :
١- ئەوەی لە پێش و پاشەوە دەردەچێت وەکو : میز و پیسی و با.
٢- نەمانی عەقڵ بە خەوتن بێت یان لە هۆشخۆچوون .
٣- خواردنی گۆشتی وشتر.

## چۆنییەتی تەیەموم کردن

1
تەیەموم بریتییە لە :
جێگرەوەی ئاو بۆ تەهارەت ئەگەر نەتوانرا ئاوەکە بە کار بهێنێت لە ئەندامەکانی تەهارەتدا یان لە هەندێکیدا لەبەر نەبوونی ئاو یان ترسان لە بەکارهێنانی ، ئەو کات خۆڵ (گڵ) جێگەی ئاو دەگرێتەوە .

2
بە دڵ نیەتی تەیەموم دەهێنێت ئەمجار دەڵێت : (بسم الله) ئەمجار یەکجار بە دەستەکانی دەدات لە زەوییەکە و بە بەشی ناوەوەی دەستی (لەپەکانی) روخسار و پشتەوەی دەستەکانی دەسرێت .




3
دروست نییە پەنجەکانی لەیەک دوور بخاتەوە لە کاتی لێدانی زەوییەکەدا و دروست نییە نێوان پەنجەکانی مەسح بکات لە کاتی مەسحی دەستیدا .



## چۆنییەتی غوسلی واجیب

1
بە دڵ نییەتی غوسل دەهێنێت ، ئەمجار بە نهێنی دەڵێت (بسم الله) ، ئەمجار هەموو جەستەی دەشۆرێت بە ئاو و ئەوەی لە ژێر پرچەکەیدایە ، تەنک بێت یان پڕ ، لە گەڵ ئاو وەردانە دەم و لووت .

2
ئەو شتانەی غەسل واجیب دەکەن :
١- لەشگرانی : ئەویش بریتییە لە دەرچوونی مەنی بە جووت بوون یان جگە لەوە ، یان بەریەک کەوتنی هەردوو خەتەنە کراوەکە ٢- دەرچوونی خوێنی سوری مانگانە و زەیسانی .٣- مردنی کەسێک جگە لە شەهید .
٤- موسڵمان بوونی بێباوەڕ .

ئامادەکردنی : دکتور هەیسەم سەرحان ، مامۆستا لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا و سەرپەرشتیاری پەیمانگای سوننە :
mahadsunnah.com

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە رێگەپێدراوە . بۆ وەرگیرانی بڵاوکراوەکە : sarhaan.com
یان بارکۆدەکە سکان بکە.

زمانی کوردی
کردي سوراني

# 1 چۆنییەتی نوێژی پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم).

**1**

سوننەتە کەسێ پێشنوێژی دەکات و کەسی تاک رووو ستوترە نوێژ بکەن ، وە سوترەی پێشنوێژ سوترەیە بۆ ئەوانەی پاش خۆی .

وە تەماشای جێی سوژدەکەی خۆی دەکات و ئاوڕ ناداتەوە .



**2**

وە نێوان هەردوو پێی بە ئەندازەی هەردوو شانی لێ دەکات ، زیادی ناکات و کەمی ناکات ، وە دیوی دەرەوەی ڕێک دەخات و تەسویەی دەکات .



**3**

لە پاش ئەوەی هەموو مەرجەکانی نوێژ جێبەجێ دەکات ، دەڵێت : (الله أکبر) لە گەڵ بەرز کردنەوەی هەردوو دەستی لە کاتێکدا پەنجەکانی دێنێتە یەک ، واتە بلاوی ناکاتەوە تاوەکو بەرانبەر هەردوو گوێی یان هەردوو شانی ، وە دیوی ناوەوەی دەستی واتە لەپەکانی رووەو قیبلە لێ دەکات .



**4**

ئەمجار دیوی ناوەوەی دەستی راستی دەخاتە سەر دەستی چەپی و مەچەک و باڵی ، وە لەسەر سینگی دایدەنا ، یان بە دەستی راستی دەستی چەپی دەگرێت .



**5**

ئەمجار موستەحەببە دوعای دەستپێکردنی نوێژ بخوێنێت (دعاء الاستفتاح) تەنها لە رکاتی یەکەمدا ، وە باشتر وایە دوعاکان جۆراو جۆر بکات لە نێوان ئەو دوعایانەی کە لە سوننەتدا هاتوون . دەڵێت :

((سُبْحَانَكَ اللَّـهُـمَّ وبحَمْدِك وتبارك اسْمُك، وتَـعـالـى جَـدُّك، ولا إلـه غيْـرُك.))

ئەمجار پەنا دەگرێت بە خوای گەورە لە شەیتانی نەفرین لێکراو وەکو ئەوەی بڵێت : « أعُـوذُ بـاللّهِ مِنَ الشيطانِ الرجيـمِ » .

ئەمجار دەڵێت : (بسم الله الرحمن الرحيم) و سورەتی (الفاتحه) دەخوێنێت ، بە هەموو ئایەت و وشە و حەرف و حەرەکاتەکانییەوە .

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ ﴿١﴾ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٢﴾ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ ﴿٣﴾ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ﴿٤﴾ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿٥﴾ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿٦﴾ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ﴿٧﴾

ئەمجار موستەحەببە لە پاش ئەوە چەند ئایەتێک بخوێنێت بە بێ ئەوەی بڵێت : « أعُـوذُ بـاللّهِ مِنَ الشيطانِ الرجيـمِ » . وە تەنها لەسەرەتای سورەتەکانەوە بیسمیلا دەکات .

**6**

ئەمجار دەستەکانی بەرز دەکاتەوە هەروەکو چۆن لە (الله أکبر) ئیحرامدا بەرزی کردەوە و دەڵێت : (الله أکبر) وە کرنۆش دەبات ، ئەمجار بە دەستەکانی ئەژنۆی دەگرێت و ئەنیشکەکانی ناچەمێنێتەوە و پشتی لە بەرانبەر سەری ڕێک دەخات و یەکجار وەکو واجیبێک دەڵێت : « سبحان ربي العظيم » وە موستەحەببە زیاتر لە جارێک بڵێت .



**7**

ئەمجار لە گەڵ سەربەرز کردنەوەدا و پێش راستبوونەوە دەڵێت : « سمع اللّه لـمن حـمـده » لە گەڵ بەرزکردنەوەی دەستەکانی بەرانبەر بە ئاستی گوێیەکانی یان شانەکانی.
ئەگەر راستبووەوە دەڵێت : (ربَّنا ولك الحمدُ) وە موستەحەببە ئەو زیکرانەی هاتوون لە سوننەتدا بیڵێت.
ئەمجار (الله أکبر) دەکات بە بێ بەرز کردنەوەی دەستەکان و لەسەر حەوت ئەندامەکە سوژدە دەبات : ناوچەوان و لووت و هەردوو دەستی و هەردوو ئەژنۆی و بەشی ناوەوەی پەنجەکانی پێی .
نێوان هەردوو بنباڵی و سکی لەیەک دوور دەخاتەوە ، وە لە نێوان سکی و رانیدا و هەروەها نێوان رانی و قاچیدا لە یەک دوور دەخاتەوە و هەردوو باڵی (قۆڵی) ناخاتە زەوییەکە بەڵکو بەرزی دەکاتەوە



**8**

دەڵێت : « سبحان ربي الأعلى » . یەکجار وەکو واجیب ، وە موستەحەببە لە یەکجار زیاتر بڵێت و بۆی هەیە دوعا بکات و بپارێتەوە ، وە باشترە ئەو دوعایانە بکات کە لە سوننەتدا هاتوون.



**9**

ئەمجار (الله أکبر) دەکات پێی چەپی رادەخات و لەسەری دادەنیشێت ، وە بەشی ناوەوەی پەنجەکانی پێی راستی توند دەکات لە زەوییەکە و رووەو قیبلەی دەکات ، وە ناوەوەی هەردوو دەستی (هەردوو لەپی) دەخاتە سەر کۆتایی ئەژنۆکانی و دەڵێت : (رب اغفر لی) . جا ئەم دانیشتنە بۆ هەموو دانیشتێکی ناو نوێژە تەنها لە تەحیاتی کۆتایی نوێژە سێ رکاتی و چوار رکاتییەکاندا نەبێت ئەو کات تەوەروک دەکات ، بەوەی پێی چەپی دەخاتە ژێر قاچی راستی .



**10**

ئەمجار (الله أکبر) دەکات و سوژدە دەبات هەروەکو سوژدەی یەکەم ،
ئەمجار (الله أکبر) دەکات و هەڵدەستێتەوە بۆ رکاتی دووەم ،
وە ئەوەی لە رکاتی یەکەمدا کردی لە رکاتی دووەمیشدا دەیکات ، تەنها ئەوە نەبێت رکاتی دووەم (الله أکبر)
ی ئیحرام و دوعای دەستپێکردنی نوێژی
تێدا نییە (دعاء الاستفتاح) .



ئەگەر لە رکاتی دووەم بووەوە ئەوا دادەنیشێت بۆ خوێندنی تەحیات .
وە بە پەنجەی شایەتمانی ئاماژە دەکات و بە هەردوو پەنجەی ناوەراست و پەنجە گەورە ئەڵقەیەک دروست دەکات و پەنجەی شایەتمان دەجولێنێتەوە و دوعای پێ دەکات .



ئەمجار تەحیات و صەلاواتی ئیبراهیمییە دەخوێنێت :

« التحيات للّه، والصلوات والطيبات.
السلام عليك أيها النبي ورحمة اللّه وبركاته، السلام علينا وعلى عباد اللّه الصالحين، أشهد أن لا إله إلا اللّه، وأشهد أن محمدًا عبده ورسوله ، اللهم صل على محمد وعلى آل محمد، كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم؛ إنك حميد مجيد، اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم ؛ إنك حميد مجيد.

ئەمجار پەنا دەگرێت بە خوای گەورە لە چوار شت و دەڵێت : « اللـهـم إنـي أعـوذ بـك من عذاب جهنم ، وأعـوذ بـك مـن عذاب القبر ، وأعوذ بك من فتنة الدجال ، وأعـوذ بـك من فتنة المحيا والممات »
ئەمجار دەتوانێت ئەو دوعایەی پێی خۆشە بیکات ، بەڵام لە پێشترە ئەو دوعایانە بکات کە لە سوننەتدا هاتوون وەکو :
« اللـهـم أعـنّـي عـلـى ذكرك وشكرك وحسن عبادتـك » .
ئەمجار دوو سەلامەکە دەداتەوە ، بە لای راستیدا و بەلای چەپیدا و دەڵێت : « السـلام عـلـيـكـم ورحـمـة اللّه »
وە تەنها بەسەری ئاوڕ دەداتەوە بە بێ شانەکانی و بە بێ بەرز کردنەوەی سەری بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە و بە بێ ئاماژەکردن بە دەستەکانی .



ئامادەکردنی : دکتور هەیسەم سەرحان ، مامۆستا لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا و سەرپەرشتیاری پەیمانگای سوننە : mahadsunnah.com

مافی چاپ و بلاوکردنەوە ڕێگەپێدراوە . بۆ وەرگێرانی بلاوکراوەکە : sarhaan.com یان بارکۆدەکە سکان بکە.

# زەکات دوو بەشە:

## فەرز:

ئەویش دوو جۆرە :

### سوننەت :

بریتییە لە هەموو ئەو سەروەت و سامانەی کەسێك تەنها لە پێناوی خوادا دەیبەخشێت.

### زەکاتی سەروەت و سامان:

پێناسەکەی لە شەرعدا : (پەرستنی خوای گەورە بە دەرکردنی بەشێکی واجیب کە شەرع دیاری کردووە لەسەروەتی سامانێکی دیاری کراو بۆ کۆمەڵێك یان لایەنێکی تایبەت ) ئەویش سێیەم پایەیە لە پایەکانی ئیسلام ,

ئەمەش دابەش دەبێتە چوار بەشەوە

### زەکاتی جەستە:

کە سەرفترەیە , ئەمەش واجیبە لەسەر هەموو موسڵمانێك : گەورە بێت یان بچووك , نێر بێت یان مێ , کۆیلە بێت یان ئازاد .

1 دوو نەختینەکە



ئاڵتون و زیو و ئەوەی جێگایان دەگرێتەوە لە پارە و جگە لە ئەو , جا نیسابی ئاڵتون (20) مسقاڵە (85 غرام) وە نیسابی زیو (200) دیرهەمە (595 غرامە)

2 مەرو ماڵات(بهيمة الانعام)ئاژەڵ و وڵاخ



ئەوەی کە ساڵەکە یان زۆربەی ساڵەکە لە لەوەڕی دەشت دەخوات , وەمەبەست لە (بهيمة الانعام) وشتر و مانگا و مەڕە .

3 ئەوەی لە زەوییەوە دەردەچێت



ئەویش دانەوێڵە و بەروبوومە .

4 شتومەکی بازرگانی



هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بۆ کڕین و فرۆشتن دانراوە.

## ئەوانەی زەکاتیان پێ دەدرێت :

1 هەژاران (الفقراء) : ئەمانەش ئەو کەسانەن کە پێویستیان هەیەو هیچ شتێکیان نییە , یان هەندێکیان لە پێویستییەکان هەیە

2 نەداران (المساكين) : ئەمانەش زۆربەی پێداویستییەکانیان هەیە یان نیوەی , ئەگەر بۆ نمونە پێویستی ساڵێکمان بە (12000) دانا ئەوا کەسی هەژار کەمتر لە شەش هەزاری هەیە یان هیچی نییە , وە کەسی نەدار شەش هەزار یان زیاتری هەیە بەڵام ناگاتە (12000) چونکە ئێمە بەشی هەژار و نەدار دەدەین بەشی ساڵەکەی بکات چونکە زەکات لە یەك ساڵی تەواودا واجیبە .

3 ئەوانەی کار دەکەن لەسەر کۆکردنەوەی زەکات (فەرمانبەرەکانی زەکات) : ئەوانەش باج سێن و پارێزەرانی زەکات و ئەوانەی دابەشکردنی زەکاتیان لە ئەستۆ گرتووە , کە دەسەڵاتدار ئەوانی دامەزراندووە , وە مەرج نییە ئەو کەسانە هەژار بن , بەڵکو بەشیان دەدرێت هەرچەندە دەوڵەمەندیش بن .

4 ئەوانەی ئۆمێد هەیە لەئاییندەدا دڵیان بە ئیسلامەوە هۆگربێ : ئەو کەسانەی کە ئومێدی ئیسلام بوونیان لێ دەکرێت یان خراپەیان نەهێڵێ یان بە هێزی بوونی ئیمانەکەیان .

5 بۆ ئازاد کردنی بەندەو یەخسیرەکان : ئەوانیش : أ/ موکاتیبی موسڵمان . ب/ ڕزگارکردنی کۆیلەیەکی موسڵمان . جـ / موسڵمانێکی بەندکراو .

6 قەرزاران : أ/ قەرزارێك لەبەر چاکسازی نێوان یەکتر . ب/ بۆ خۆی قەرزار بووە .

7 لە پێناوی خوادا : جەنگاوەرەکان دەگرێتەوە و ئەوەی پێویستیان پێیەتی لە چەك و جگە لە چەك .

8 ڕێبوار : ئەو موسافیرەیە کە پارەی لێ براوەتەوە , ئەوەندەی پێ دەدرێت کە بیگەیەنێتە وڵاتەکەی خۆی .

# ڕۆژوو دوو جۆرە:

واجیب : (لە ڕەمەزان و کەفارەتەکان و نزرەکاندا)

سوننەت : جگە لەوانە .

**پێناسەی ڕۆژوو**

بریتییە لە پەرستنی خوای گەورە بە خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و هەموو ئەوانەی ڕۆژوو دەشکێنن , لە دەرچوونی فەجری ڕاستەوە تا خۆر ئاوابوون .

## ڕۆژوو دوو ڕوکنی هەیە

**1 نیەت**

| نیەتی فەرز | نیەتی سوننەت |
|---|---|
| نیەتی ڕۆژووی فەرز پێویستە لە شەوەوە دابمەزرێت -واتە : پێش فەجر- , وە گرێدانی نیەت بە چوونە ناو مانگی ڕەمەزانەوە بەسە , وە جێگاکەی دڵە و وتنی بە زمان بیدعەیە . | دروستە لە هەر کاتێکی ڕۆژدا نیەت بهێنێ بە مەرجێ پێش ئەوە هیچ شتێکی نەخواردبێت , بەڵام پاداشتەکەی لە کاتی نیەتەکەوە بۆی دەنوسرێت. |

**2 خۆگرتنەوە لەوانەی ڕۆژوو دەشکێنن.**



**ئەوانەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە:**

1-خواردن و خواردنەوە بە قەسدی و هەرکەسێ لەبیری چوو ڕۆژووەکەی تەواوە
2-جووت بوون : ئەگەر بە ڕۆژ بوو لە ڕەمەزاندا , وە ڕۆژووەکە واجیب بوو لەسەری ئەوا کەفارەتێکی قورسی لەسەرە. 3-دەرچوونی مەنی (ئاوی شەهوەت)
4-ئەوەی جێی خواردن و خواردنەوە دەگرێتەوە وەکو موغەدی.
5-دەرکردنی خوێن لە ڕێگای کەڵەشاخ کردنەوە 6-ڕشانەوە بە قەسدی
7-دەرچوونی خوێنی سووڕی مانگانە یان زەیسانی

**هەندێ لە ئەوانەی ڕێگەیان پێدراوە ڕۆژووان بیکات**

- تامکردنی چێشت بۆ پێویستی .
- تف قوتدان
- خۆششتن
- سیواك کردن
- خۆ بۆن خۆشکردن
- خۆ فێنك کردنەوە .

## مەرجەکانی واجیب بوونی ڕۆژوو

| | |
|---|---|
| 1- ئیسلام | 2- عەقڵ |

3- بالغبوون : وە ئەو منداڵەی شتەکان لەیەك جیادەکاتەوە هان دەدرێت بۆ ڕۆژووگرتن و خاوەنەکەی فەرمانی پێ دەکات.

4- نیشتەجێ بوون: ڕۆژوو لەسەر کەسی موسافیر واجیب نییە , وە باشتر وایە ڕۆژوو بگرێت ئەگەر پێی نارەحەت نەبێت , چونکە پێغەمبەری خوا گردوویەتی و زووتر ئەو ئەرکە لەسەری نامێنی و ئاسانترە لەسەر کەسی (مکلف) و فەزڵی مانگەکەشی دەست دەکەوێت.

| | |
|---|---|
| 5- تەندروست بێت | 6- لە سووڕی مانگانە و زەیسانیدا نەبێت . |

**مەکروهاتەکانی ڕۆژوو:**

1 -زیادەڕەوی کردن لە ئاو هەڵدانە دەم و لووت
2 -تامکردنی چێشت بە بێ پێویستی

**ئەوەی لەسەر ڕۆژووان حەرامە :**

1/ بەڵغەم قوتدان , بەڵام ڕۆژووەکەی بەتاڵ نابێتەوە . 2/ ماچکردن بۆ کەسێك تەمین نییە لەوەی ڕۆژووەکەی بەتاڵ ببێتەوە. 3/ وتنی شایەتیدانی درۆ (ئەویش هەموو کارێکی حەرام دەگرێتەوە) 4/ جەهالەت ( واتە نەفامی و نەبوونی لەسەرخۆیی) 5/ گەیاندن (ویسال) واتە دوو ڕۆژ بەسەر یەکەوە بە ڕۆژوو بێت .




- پایەکانی حەج : هەرکەسێك واز لە پایەیەك بهێنێت ئەوا کارەکانی حەجی تەواو نابێت بە بێ ئەوە
- واجیباتەکانی حەج : هەرکەسێك واز واجبێك بهێنێت ئەوا بە سەربڕینی ئاژەڵ ئەو کەلێنە پر دەکاتەوە

alsarhaan.com
sarhaan.com

# کارەکانی عومرە

کردي سوراني زمانی‌کوردی

## 1 ئیحرام

نیەتی چوونە ناو پەرستشەکەوە

میقاتی ئەهلی شام و میسر
ئەلجوحفە 186 کلم

میقاتی ئەهلی مەدینە
ذولحولەیفە 420 کلم

میقاتی ئەهلی عێراق
ذات عرق 98 کلم

میقاتی ئەهلی نەجد
قەرنولمەنازیل 99 کلم

میقاتی ئەهلی یەمەن
یەلەملەم 99 کلم

ئەوانەی لە ڕێگای فڕۆکەوە سەفەر دەکەن لە نزیکترین خاڵی ئاسمانییەوە ئیحرام دەکەن لە کاتی تێپەڕبوونیان بە ئاسمانی میقاتدا .

## 2 تەواف

حەوت شەوت لە بەردە ڕەشەکەوە تاکو بەردە ڕەشەکە

سەرەتا | کۆتایی

## 3 نویژکردن لە پشت مەقامی ئیبراهیمەوە (ئەگەر بۆی کرا)

## 4 سەعیکردن لە نێوان صەفا و مەروە

حەوت شەوت

پێش دوو عەلەمە سەوزەکە ڕێ دەکات و لە نێوانیاندا بە پەلە را دەکات ئەوەیش تایبەتە بە پیاوان .

صەفا

مەروە

## 5 سەرتاشین یان کورت کردنەوە

سەرتاشین یان کورتکردنەوە بۆ پیاوان ، وە ئافرەتان بە ئەندازەی سەرە پەنجەیەك کورتی دەکەنەوە

## قەدەغەکراوەکانی ئیحرام :

1. لادانی موو لە سەرو جەستە
2. قرتاندنی نینۆکەکان
3. بەکارهێنانی بۆنی خۆش
4. گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ خۆی یان بۆ جگە لە خۆی
5. جووت بوون لە گەڵ خێزانیدا
6. کوشتنی نێچیری دەشتی

**بەشێك تەنها لەسەر پیاوان قەدەغەکراوە:**

1. لەبەرکردنی پۆشاکی دوراو ، ئەویش ئەوەیە کە سەربەخۆیە لە جەستە و جودایە وەکو پۆشاك یان لەسەر هەر ئەندامێك لە ئەندامەکان بێت.
2. سەرداپۆشین بە هەر شتێك وەکو عەمامە و کڵاو

**بەشێك تەنها بۆ ئافرەتان حەرامە :**

1. داپۆشینی روخسار بە نیقاب یان پێچە ، بەڵام ئەگەر پیاوی غەریب ئامادە بوون ئەوا روخساری دادەپۆشێت بە خیمارەکەی یان نمونەی ئەوە.
2. لەدەستکردنی دەستکێش

## موستەحەببەکانی عومرە

1. قرتاندنی نینۆکەکان و لادانی مووی جەستە کە پێویستە لابدرێت پێش ئەوەی نیەتی ئیحرام لە دڵیدا گرێ بدات
2. خۆشوشتن بۆ ئیحرام
3. بۆنخوشکردنی جەستە بۆ پیاوان
4. لەبەر کردنی ئیزارو ریدائی سپی بۆ پیاوان
5. تەلبیەکردن (لبيك اللهم لبيك. لبيك لا شريك لك لبيك. إن الحمد والنعمة لك والملك. لا شريك لك) لەو کاتەوە ئیحرام دەکات تاوەکو تەواف دەست پێ دەکات .
6. ئیزدیباع لە کاتی تەوافدا بۆ پیاوان - ئەویش بریتییە لە دەرخستنی شانی راستی
7. ماچکردنی بەردە ڕەشەکە .
8. خێرا رۆیشتن لە سێ شەوتەکەی یەکەمدا
9. ئەنجامدانی دوو رکات نوێژ لە پشت مەقامی ئیبراهیمەوە

و لا تعتدوا.
دەستدرێژی مەکەنەسەریەکتر.

و لا تعثوا في الأرض مفسدين.
لەسەر زەویدا ئاشووب و فەساد مەنێنەوەو ئاشووب مەگێڕن.

و لا تلبسوا الحق بالباطل
وە حەق و باتڵ تێکەڵ مەکەن و سەر لە خەڵك مەشێوێنن و حەق مەشارنەوە

و لا تقف ما ليس لك به علم
وە لە شتێکیشدا کە زانیاریت نەبوو قسەی تیادا مەکە بەتایبەتی لە دیندا.

و لا تمش في الأرض مرحا
وە بە لووتبەرزی و فەخرو شانازی کردنەوە بەسەر زەویدا مەڕۆ و لووتبەرز مەبە.

و لا تصعر خدك للناس
وە لە کاتی قسەکردندا ڕووت لە خەڵکی وەرمەگێڕە لەخۆبەگەورە زانین و بەکەم زانینی ئەواندا

و اخفض جناحك للمؤمنين.
وە تۆ باڵت شۆڕ بکەوە بۆ باوەڕداران واتە: خۆبەکەمزان و نەرمونیان بە لەگەڵیان .

و اغضض من صوتك
وە دەنگیشت با نزم بێت و خەڵکی بێزار مەکە بە دەنگبەرزی

و اقصد في مشيك.
وە لە ڕۆیشتنیشدا بە لووتبەرزییەوە مەڕۆ بەڵکو بە هێمنی و ئارامی بڕۆ

و اعرض عن الجاهلين.
وە پشت بکە لە ئەو کەسانەی کە نەزان و نەفامن .

خذ العفو و أمر بالعرف.
لێبووردەبە لە خەڵکی، وە فەرمان بکە بە چاکە، یان بە هەر عورف و عادەت و داب و نەریتێك کە پێچەوانەی شەرع نەبێ

ادفع بالتي هي أحسن.
تۆ بە چاکە وەڵامی خراپە بدەوەو لێیان ببوورە

ادع إلى سبيل ربك بالحكمة
تۆ بانگەوازی خەڵکی بکە بۆ ڕێگای ڕاستی خوای گەورە بە حیکمەتەوە

لا تبطلوا صدقاتكم بالمن و الأذى
سەدەقەو خێرەکەتان بەتاڵ مەکەنەوە بە منەت کردنە سەر ئەو کەسەی کە خێرەکەتان پێی کردووە وە بە ئازار دانی

و لا تأكلوا أموالكم بينكم بالباطل
وە ئێوە لە نێوان یەکتریدا ماڵەکانتان بە باتڵ و پووچەڵ مەخۆن

و لا تنابزوا بالألقاب.
وە ناو و ناتۆرەی ناشیرین لە یەکتری مەنێن

لا يسخر قوم من قوم
ئەی باوەڕداران با کەسانێك گاڵتە بە کەسانێکی تر نەکەن

و لا يغتب بعضكم بعضا
وە غەیبەتی یەکتری مەکەن.

و لا تجسسوا.
وە جاسوسی لەسەر یەکتری مەکەن

إجتنبوا كثيرا من الظن
خۆتان دووربخەنەوە لە زۆرێك لە گومان

ادخلوا في السلم كافة
هەمووتان وەرنە ناو ئیسلامەوەو هەمووتان موسڵمان بن و کار بە هەموو شەریعەت بکەن

و إذا حييتم بتحية فحيوا بأحسن منها
وە ئەگەر سڵاوتان لێکرا ئەوە ئێوە بەجوانترو باشتر وەڵامی سەلامەکە بدەنەوە

و بالوالدين إحسانا و ذي القربى و اليتامى
وە چاکەکار بن لەگەڵ دایك و باوکتان و خزمی نزیك و بێ باوکاندا

و أطعموا البائس الفقير
وە لەو خواردنە بدەن بەو کەسانەی کە زۆر فەقیرن و پێیانەوە دیارە.

لا تتبدلوا الخبيث بالطيب
وە ماڵە پاکەکە مەگۆڕنەوە بە پیسەکە

و آتوا اليتامى أموالهم
وە ئەو بێباوکانەی کە بالغ بوون ئەوا ماڵی خۆیانیان بدەنێ و زوڵم و ستەمیان لێ مەکەن.

أنفقوا مما رزقناكم
ببەخشن لەو ڕزقەی کە پێمان بەخشیوون

و قولوا قولا سديدا
وتەیەکی ڕاست و دروست بڵێن کە بە گوێرەی شەریعەت بێ.

و قولوا للناس حسنا
وە لەگەڵ خەڵکیشدا با قسەو گوفتارتان جوان و چاك بێت

و لا تعاونوا على الإثم و العدوان
وە هاوکاری یەکتری مەکەن لەسەر خراپەو تاوان و دوژمنکاری و دەستدرێژی کردنە سەر یەکتری

و تعاونوا على البر و التقوى
وە ئێوە هاوکاری یەکتری بکەن لەسەر چاکەو تەقوای خوای گەورە

و احفظوا أيمانكم
وە ئێوە سوێندەکانتان بپارێزن

و أوفوا بعهد الله إذا عاهدتم
وە کاتێك کە بەڵێنێکتان بە خوای گەورە دا بەڵێنەکەتان بەرنە سەر.

و أوفوا الكيل إذا كلتم
وە ئەگەر هەر شتێکتان پێوا بە تەواوی بیپێون و لێی کەم مەکەنەوە

و زنوا بالقسطاس المستقيم
وە شتێکیشتان کێشا بە تەرازوویەکی دادپەروەر بیکێشن

كونوا قوامين بالقسط
هەر کارێك کەوتە ژێر دەستتان دادپەروەر بن لە نێوان خەڵکیدا

اعدلوا
دادپەروەر بن لە نێوان دۆست و دوژمندا

| | | |
|---|---|---|
| | سوننەتەکانی فیترەت | |
| | ئەو صیفاتانەی کە خوای گەورە خەڵکی خستووەتە سەری و لە ناخیاندا چاندوویەتی | |

هەموو مرۆڤێك حەز و مەیلان و پێویستییەکی هەیە لە بنەڕەتدا ، ئیللا مەگەر کۆمەڵگاکەی دەوروبەری کاریگەری لەسەر بکات ، لە فەرموودەی صحیح و دروستی پێغەمبەردا هاتووە.

| سوننەتەکە | حوکمەکەی | پێناسەکەی |
|---|---|---|
| ١- بڕینی سمێڵ | سوننەتە و تاشینی بە گشتی مەکروهە | سوونەت لە سمێڵدا بڕین و کورتکردنەوەیەتی ، وە پێویستە لێی ببڕێت تاوەکو سوورایی لێوەکان دەردەکەون |
| ٢- ریش هێشتنەوە | واجیبە | تاشینی ریش حەرامە ، چونکە لە گەڵ فەرمانی پێغەمبەری خوادا ناکۆکە کە فەرمانی بە هێشتنەوە و بەردانەوەی کردووە. |
| ٣- سیواك | سوننەتێکی موئەکەدەیە | بە کار هێنانی داری ئەراك و نمونەی ئەوانە بە مەبەستی پاك کردنەوەی ددانەکان ، جا ئەوە سوننەتە لە هەموو کاتێکدا ، وە دووپاتکراوەتەوە : لە کاتی دەستنوێژدا و لە کاتی نوێژدا و لە کاتی چوونە ماڵ و چوونە مزگەوت و خوێندنەوەی قورئان و لەکاتی لەخەو هەستان و لە کاتی سەرەمەرگدا و گۆڕینی بۆنی دەم . |
| ٤- ئاو وەردانە لووت | لە سوننەتەکانی دەستنوێژە | شوشتنی لووت لە ڕێگای ئاو وەردانە لووت و پاشان دەرهێنانی . |
| ٥- نینۆك کردن | سوننەتە ، وە نابێت لە چل ڕۆژ زیاتر دوا بخرێت . | نینۆك کردن بریتییە لە بڕینی ، چونکە هێشتنەوەی نینۆك هۆکارە بۆ کۆبوونەوەی پیسی لە ژێریدا . |
| ٦- شوشتنی گرێی پەنجەکان | سوننەت | پاککردنەوەی ئەو جێگایانەی کە پیسی تێدا کۆ دەبێتەوە ، ئەویش ئەو گرێیانەیە کە لەسەر پەنجەکانە . |

| | | |
|---|---|---|
| **٧- لادانی تووکی بن باڵ** | سوننەتە ، وە نابێت لە چل ڕۆژ زیاتر دوا بخرێت . | بریتییە لە لادانی تووکی بنباڵ ، جا ئەگەر لابدرێت بە هەڵکێشان یان تاشین یان جگە لەو دوو ڕێگایە ، چونکە لادانی هۆکاری پاکی و نەهێشتنی بۆنی ناخۆشە. |
| **٨- بەرتاشین** | سوننەتە ، وە نابێت لە چل ڕۆژ زیاتر دوا بخرێت . | ئەو تووکانەیە کە لە دەوروبەری دامێنی مرۆڤ دەردەچێت (لە پێشەوەی) ، دەکرێت لابدرێت بە بێ تاشین ، وەکو ئەو ماددانەی دروستکراون بۆ ئەو مەبەستە . |
| **٩- خۆخاوێن کردنەوە بە ئاو** | لە ئادابەکانی سەرئاو کردنە | لادانی ئەوەی لە پێش و پاشی مرۆڤەوە دەردەچێت ، بە شوشتنی بە ئاو یان هەر شتێکی تر ، لە جێگای دەرچوونییەوە و ئەوانەی دەوروبەری. |
| **١٠- ئاو وەردانە دەم** | لە سوننەتەکانی دەستنوێژە | شوشتنی دەم لە ڕێگای ئاو وەردانە ناوی و ئەمجار دەرهێنانی . |

لە دایکە عائیشەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : ((عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: قَصُّ الشَّارِبِ، وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ، وَالسِّوَاكُ، وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ، وَقَصُّ الْأَظْفَارِ، وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ، وَنَتْفُ الْإِبِطِ، وَحَلْقُ الْعَانَةِ، وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ» قال زكريا: قال مصعب : ونسيتُ العاشر إلا أن تكون المضمضة ، زاد قُتيبة ، قال وكيع : ((انتقاص الماء : يعني الاستنجاء) رواه مسلم. واتە : (( دە ئاکار هەن لە فیترەتن : بڕینی سمێڵ (بەرسوێل کردن) و ریش هێشتنەوە و سیواک و ئاو هەڵدانە لووت و نینۆک کردن و شوشتنی گرێی پەنجەکان و لادانی توکی بن باڵ و بەرتاشین و خۆپاککردنەوە بە ئاو ) زەکەریان دەڵێت : موصعەب فەرموویەتی : وە دەیەم دانەم لەبیر چووە ، ئیللا ئەوە نەبێت وا دەزانم ئاو هەڵدانە دەم بێت) . قوتەیبە ئەوەی زیاد کردووەو فەرموویەتی : مەبەست لە (انتقاص الماء : واتە بەکارهێنانی ئاو لە کاتی خۆپاککردنەوەدا) موسلیم ریوایەتی کردووە.

| | | |
|---|---|---|
| **١١- خەتەنەکردن** | واجیبە بۆ پیاوان و سوننەتە بۆ ئافرەتان ئەگەر پێویستی پێی هەبوو . | بریتییە لە بڕینی ئەو پارچە پێستەی دامێنی مرۆڤی داپۆشیوە ، بۆ ئەوەی پیسی تێدا کۆ نەبێتەوە و بۆ ئەوەی خۆی لە میز پاکبکاتەوەو هیچ نەمێنێتەوە. |

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: خَمْسٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: الْخِتَانُ، ...)) الحديث . متفق عليه

واتە: ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی: پێنچ شت هەن لە فیترەتن : خەتەنەکردن و .....)) فەرموودەکە . متفق عليه

سەرچاوە : (فتح المعين في تقريب منهج السالكين و توضيح الفقه في الدين)) لە نوسینی شەیخ هەیسەم سەرحان (خوا بیپارێزێت)
بۆ پەیوەندی کردن: https : alsarhan.com

بسم الله الرحمن الرحيم




پوختەی کتێبی:

"هۆکارە سوود بەخشەکان بۆ ژیانێکی ئاسوودە"

نوسەر : عبدالرحمن بن ناصر السعدی ,(1307-1376) لە دیارترین زانایانی موسڵمانان لەسەردەمی خۆیدا , وە یەکێکە لە پێشەوا لێکۆڵەرەوەکان .




هۆکاری نوسینی کتێبەکە : کاتێك شەیخ بە مەبەستی چارەسەر سەفەری کرد بۆ لوبنان ساڵی 1373 لەوی کتێبێکی خوێندەوە بە ناوی : (دع القلق وابدأ بالحياه) واتە : ( واز لە دڵەراوکێ بهێنە و دەست بە ژیان بکە) کە نوسەری ئەمریکی (دیل کانیجری) یە , سەرسام بوو بە ئەو کتێبە و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو کتێبەدا ئەم کتێبەی نووسییەوە .




1- باوەڕبوون بە خوای گەورە و ئەنجامدانی کاری چاك.

جا باوەڕبوون خاوەنەکەی بەرەو ئارامگرتن و رازیبوون قەناعەت دەبات .




2- چاکەکردن لە گەڵ خەڵکیدا بە گفتار و کردار .

جا چاکە چاکە بە دوای خۆیدا رادەکێشێ و خرایە دوور دەخاتەوە .




3- خۆ سەرقاڵ کردن بە کردار یان زانستی سوودبەخش .

چونکە ئەوانە دڵ سەرقاڵ دەکات لەوەی بیر بکاتەوە لە دڵەڕاوکێ .




4- سەرقاڵکردنی بیرو هۆش بە کرداری ئەمڕۆوە .

بۆیە خەمبار مەبە بۆ ئەوەی رۆیشت , وە بایەخ بەوەی داهاتوو مەدە , چونکە پێغەمبەری خوا پەنای دەگرت بە خوا لە خەم و پەژارە .




5- زۆر ئەنجامدانی زیکری خوای گەورە .

جا زیکری خوای گەورە دڵنیایی و ئارامی دەبەخشێتە دڵ .




6- ژماردنی نیعمەتەکانی خوای گەورە ئاشکراکان و پەنهانەکان .

چونکە ئەو کارە سوپاسگوزاری بە دوای خۆیدا دەهێنی و خەم و پەژارە لەبیر دەباتەوە .



7- تەماشا کردنی ئەوانەی لە خوار خۆتەوەن .

چونکە ئەو کارە پەلکێشت دەکات بۆ سوپاسگوزرای خوا بۆ ئەوەی لەسەریت و خەم و پەژارەت ناهێڵێت .




8- لەبیرکردنی رابوردوو .

ئەوەی رۆیشت و رابورد هەرگیز ناگەڕێتەوە , وە خۆسەرقاڵ کردن پێوە شیتی و کاری بێهوودەیە .




9- پاڕانەوە لە خوای گەورە .

وەکو ئەوەی لە خوا بپاڕێتەوە کە دین و دونیا و دوارۆژی پارێزراو بکات هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە.




10- پێشبینی خراپترین ئیحتیمال بکات .

لە کاتی رودانی هەر روداوێکدا پێشبینی خراپترین ئیحتیمال بکە , چونکە ئەوە لە کاتی رودانیدا سووك دەبێتەوە لە سەرت , جا ئەگە روویدا ئەوا هەوڵ بدە سووکی بکەیتەوە بە گوێرەی توانا .




11- شۆرنەبێتەوە لە گەڵ خەیاڵاتدا .

جا خەیاڵات بیرۆکەی خراپ بۆ خاوەنەکەی دەهێنێت , وە گومان بردنی رودانی خراپ , کە ئەوەیشە هۆکاری خەیاڵات و نەخۆشییە .




12- پشت بەستن بە خوای گەورە .

جا هەرکەسێك پشت بە خوای کەورە ببەستێت ئەوا بەسیەتی.




13- بەرگەگرتنی هەڵەی ئەوانیتر و ئارامگرتن لە سەر ئازارەکانیان .

هەموو مرۆڤێك کەموکورتییەکی هەیە یان کارێکی تێدایە کەوا تۆ پێت ناخۆشە , بۆیە تەماشای لا چاك و باشەکەی بکە .




14- خۆت بە شتە بێ بایەخەکانەوە سەرقاڵ مەکە .

هەروەکو چۆن تۆ خۆت راهێناوە لەسەر بەرگەگرتنی کارەساتە گەورەکان ئەوا بچووکەکان لە پێشترە فەرامۆش بکرێت.



15- ژیان کورتە .

جا ژیانی راستەقینە – هەرچەندە کورتە- ئەو ژیانەیە کە پڕە هـ بەختەوەری و ئارامی , بۆیە کورتی مەکەرەوە بە خەم و پەژارە و خۆسەرقاڵکردن بە ناسۆرییەکانی ژیانەوە .




16- زۆربەی دڵەڕاوکێیەکان خەیاڵ و ئەندێشەن هیچ حەقیقەتێکیان نییە.
زۆربەی ئەوانەی کە بوونە هۆی دڵەڕاوکێی تۆ روویان نەدا ، بۆیە مەهێڵە هیچ ئەگەرێکی لاواز زاڵ ببێت بە سەر ئەگەرە گەورە و بە هێزەکاندا.




17- بێزار مەبە لە ئازاری خەڵکی .

چونکە ئازاری خەڵکی بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە , جا ئەگەر خۆتی پێوە سەرقاڵ بکەیت ئەوا زیانت پێ دەگەیەنێت هەروەکو چۆن زیان بە ئەوان دەگەیەنێت .




18- ژیانت شوێنکەوتەی بیرۆکەکانتە .

جا ئەگەر بیرۆکەکانت سوود و قازانجی بۆ دینەکەت یان دونیاکەت بگەڕێتەوە ئەوا ژیانەکەت بەختەوەر و ئاسوودە دەبێت , وە ئەگەر پێەوانە بوو ئەوا بەرهەمەکەیشی پێچەمانە دەبێت .




19- چاوەڕوانی سوپاسگوزاری خەڵکی مەبە .

ئەگەر چاکەیەکت کرد لە گەڵ کەسێکدا حەقی بەسەرتەوە هەیە یان کەسێك حەقی بەسەرتەوە نییە , ئەوا باش بزانە تۆ لە گەڵ خوادا مامەڵەت کردووە , بۆیە ئەگەر ئەوان سوپاسگوزارت نەبوون ئەوا بایەخی پێ مەدە .




20- خۆت بەو شتانەوە سەرقاڵ بکە کەوا سوودی بۆت هەیە .

چونکە کارە زیانبەخشەکان خەم و پەژارە بە دوای خۆیدا دەهێنێت , بۆیە پشت بە کرداری سوود بەخش ببەستە .




21- کارەکانت هەر ئێستا ببەڕهوە و یەکلای بکەرەوە .

جا کارەکان ئەگەر یەکلای نەکەیتەوە ئەوا لە گەڵ کارەکانی رابوردودا کۆ دەبێتەوە لەسەرت , وە کارەکانی داهاتویشی دێتە سەر , ئەوا سەرقاڵت دەکات .




22- کارە لە پێشینەکانت رێك بخە .

سەرتا لە گرنگترینەوە دەست پێ بکە , وە ئەوەیان هەڵبژێرە کە زیاتر نەفست بۆ لای دەچێت , بۆ ئەوەی بیزار نەبیت , وەراوێژ بکە چونکە هەر کەسێك راوێژ بکات ئەوا پەشیمان نابێتەوە .



٠١/٤٢ - الكردية- كوردی

# پوختەی

## ئەو مافانەی کە فیترەت داوای کردووە و شەریعەتیش بڕیاری لە سەر داوە .

بەزمانی کوردی

(نوسینی : شێخ ئیبن عثیمین ڕەحمەتی خوای لێبێت)

شەیخ د. هەیسەم سەرحان کورتی کردووەتەوە

مامۆستا لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا لە پێشاندا و سەرپەرشتیاری پەیمانگای سوننە

بۆ وەرگێڕانی پروشە (مەتویە) : sunnah.com - باڕکۆدەکە سکان بکە

مافی چاپکردن ڕێگەپێدراوە

## ١ـ مافی خوای گەورە :

بەتەنها و بێ هاوتا و شەریك بیپەرستیت، وە ببیتە بەندەیەکی زەلیلی خۆ بەکەم زانی ملکەچ بۆی ، جێبەجێکاری فەرمانەکانی بیت، خۆت لە نەهیەکانی دووركەیتەوە، وە باوەڕ بە هەواڵەکانی بکەیت، بیروباوەڕێکی نمونەیی، وە ئیمان بە حەق و کاری چاکەی بە بەرهەم، بیروباوەڕێك کە بنچینەکانی : خۆشەویستی و بەمەزن دانان بێت، وە بەرهەمەکەی : دڵسۆزی و هەوڵدان بێت.

## ٢ـ مافی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

شکۆمەندکردن و ڕێزگرتن و بە مەزن دانانی؛ مەزن دانانێکی لایەق و شایستە بێت بەخۆی، بەبێ زیادەڕەوی و کەمتەرخەمی.
وە باوەڕکردن بە هەموو ئەوانەی باسی کردووە لە کارەکانی ڕابردوو و داهاتوو، وە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و خۆدورخستنەوە لەوانەی نەهی لێکردووە و ڕێگری لێکردووە ، وە باوەڕهێنان بەوەی ڕێبازەکەی و ڕێگاکەی ئەو تەواوترین ڕێبازە ، وە بەرگریکردن لە شەریعەت و ڕێگا و ڕێبازەکەی.

## ٣ـ مافی دایك و باوك :

چاکەیان لە گەڵدا بکەیت و مافیان بدەیت، ئەوەش بە چاکەکردن لەگەڵیان بە قسە و کردەوە چ بە ماڵ بێت یان بە جەستە، وە فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەی لەوەی سەرپێچی کردنی خودای تێدا نەبێت ، وە لە جگە لەوانەی زیانی بۆ خۆت هەیە.

## ٤.مافی منداڵان :

1- پەروەردە ؛ ئەویش پەرەپێدانی دین و ڕەوشتە لە ناخیاندا تاکو پشکێکی زۆریان لەوبارەوە دەست بکەوێت.
2- پارەیان بۆ خەرج بکات بەچاکە ، بەبێ زیادەڕۆیی کردن و بێ کەمتەرخەمی.
3- کەسیان پێش نەخات بەسەر ئەوانیتردا لە دیاری و بەخششدا.

## ٥.مافی خزمە نزیکەکان :

سەردانی نزیکەکانی بکات بە چاکە ؛ بە بەخشینی ئەوەی لە توانایدایە و بە سوودی جەستەیی، وە سوودی سەروەت و سامان بۆیان هەبێت بەپێی نزیکی خزمایەتی و پێویستی کەسەکە ببێت.

## ٦. مافی هاوسەر بەسەر یەکەوە :

هەریەکەیان بەچاکە لەگەڵ ئەویتردا مامەڵە بکات و ئەو مافەی لەسەریەتی جێبەجێ بکات بەوپەڕی و لێبوردەیی و ئاسانی بەبێ پێناخۆش بوون لەکردنیدا و بێ دواخستن .
لەمافەکانی ژن بەسەر مێردەکەیەوە: ئەرکی بژێوی دابین بکات لە خواردن و خواردنەوە و جل و شوێنی نیشتەجێ بوون و ئەوانەی پەیوەستن بەوانەوە، و دادپەروەری کردن لەنێوان هاوسەرەکانیدا.
لەمافەکانی پیاو بەسەر هاوسەرەکەیەوە : گوێڕایەڵی بکات لە جگە لە سەرپێچی خوا، وە نهێنی و ماڵەکەی بپارێزێت، وە کارێك نەکات تەواوی خۆشیەکانی لێ تێك بدات.

## ٧. مافی کاربەدەستان و خەڵکی :

مافی خەڵکی بەسەر کاربەدەستانەوە : هەستن بەجێبەجێکردنی ئەو ئەمانەتەی خودا لەسەر شانی داناون و ئیلزامی کردوون بەئەنجامدانی هەر لە ئامۆژگاریکردنی خەڵکی و ڕێبەری کردنیان لەسەر ڕێگای ڕاست کە بەسە بۆبەرژەوەندییەکانی دونیا و دواڕۆژ، ئەوەش بەشوێنکەوتنی ڕێگای باوەڕداران.
مافی کاربەدەستان بەسەر خەڵکییەوە : ئامۆژگاری کردنیان لەوانەی کەمرۆڤ پێی هەڵدەستێت لە کارەکانیان، وە بیریان بهێنێتەوە ئەگەر بیریان چوو، وە دوعاکردن بۆیان ئەگەر لەسەر حەق لایان دا، وە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانیان لەجگە لە سەرپێچی خوادا و یارمەتی دانیان.

## ٨. مافی دەرهاوسێ :

دەرهاوسێ : ئەو کەسەیە کە ماڵەکەی لێتەوە نزیکە ، چاکەکار دەبێ لە گەڵیدا بەپێی توانا بە ماڵ و کەسایەتی و سوود پێگەیاندن ، وە ئازاری وتن و کرداری لێ دوور دەخاتەوە.
١- ئەگەر لە نەسەب و خزمایەتیدا لێتەوە نزیك بوو و موسڵمان بوو ، ئەوا سێ مافی لەسەرتە : مافی دراوسێیەتی، وە مافی خزمایەتی ، وە مافی ئیسلام.
٢- ئەگەر موسڵمان بوو بەڵام نزیکت نەبوو لە خزمایەتی و نەسەبدا ئەوا دوو مافی هەیە: مافی دراوسێیەتی و مافی ئیسلام.
٣- هەروەها ئەگەر خزم بوو و موسڵمان نەبوو ئەوا دوو مافی هەیە: مافی دراوسێیەتی و مافی خزمایەتی.
٤- ئەگەر لەنەسەبدا دوور بوو و موسڵمان نەبوو ئەوا یەك مافی لەسە رتە : مافی دراوسێیەتی.

## ٩. مافی موسڵمانان بەگشتی :

لەو مافانە سەلام کردنە، وە ئەگەر بانگێشتی کردی بەدەمیەوە بچۆ و وەڵامی بدەرەوە ، وە ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێکردی ئامۆژگاری بکە، وئەگەر پژمی و سوپاسی خوای کرد تۆیش وەڵامی بدەرەوە (بڵێ : یرحمك الله) ، وە ئەگەر نەخۆش کەوت سەردانی بکە، وە ئەگەر مرد شوێنی تەرمەکەی بکەوە، و خراپەی لێ دوور بکەوە.

مافەکانی موسڵمان لەسەر موسڵمان زۆرن، وە دەکرێت مانای کۆکەرەوەی فەرمودەکەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بێت کە دەفەرموێت: (موسڵمان برای موسڵمانە) جا هەر کاتێك هەستا بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەم برایەتیە هەوڵ دەدات هەموو خەیرێکی بۆ فەراهەم بکات و خۆی دوور بخاتەوە لەهەموو ئەوەی زیانی بۆ براکەی هەیە.

## ١٠. مافی ناموسڵمانان :

پێویستە لەسەر دەسەڵاتداری موسڵمانان بە حوکمی ئیسلام فەرمانڕەواییان بکات لە نەفس و ماڵ و شەرەفیاندا، وە حەددەکانیان لەسەر جێبەجێ بکات لەو کارانەی کە بڕوایان هەیە بەحەرامبوونی، وە پێویستە لەسەری پارێزگاریان لێبکات و خراپەیان لێ دوور بکاتەوە.

وە پێویستە لەجل پۆشیندا لەموسڵمانان جیاواز بن، وە شتێك دەرنەخەن کە لە ئیسلامدا مونکەر بێت (رێگەپێدراو نەبێت) ، یان شتێك لە شەعیرەکانی ئاینەکەیان؛ وەکو ناقوس و خاچ.

# *ناوەڕۆک

١ـ مافی خوای گەورە :........................................................................١
٢ـ مافی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ......................................................١
٣-مافی دایك و باوك...........................................................................١
٤-مافی منداڵان....................................................................................٢
٥-مافی خزمە نزیکەکان.......................................................................٢
٦-مافی هاوسەر بەسەر یەکەوە ......................................................٢
٧-مافی کاربەدەستان و خەڵکی ......................................................٣
٨-مافی دەرهاوسێ.............................................................................٣
٩-مافی موسڵمانان بەگشتی...........................................................٤
١٠-مافی ناموسڵمانان.........................................................................٤

پەیمانگای سوننە
mahadsunnah.com

ماڵپەڕی شەیخ
alsarhaan.com

٠٥٠٤٢٥٠٣٣٧ mahadsunnah

# پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کێیە و چی فێرکردین؟

شەیخ د. هەیسەم سەرحان
کورتی کردووەتەوە

مامۆستا لە مزگەوتی پێغەمبەری
خوا لە پێشاندا و سەرپەرشتیاری
پەیمانگای سوننە

sarhaan.com - بارکۆدەکە سکان بکە

## پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کێیە و چی فێرکردین؟

- ئەو ئەو کەسەیە کە بەرگری لە مافەکانی هەموو مرۆڤەکان کردووە لە ماوەی ١٤٠٠ ساڵی رابوردوودا.

- پیاوان و ئافرەتان و بچوکەکان و لاوازەکانی پاراستووە.

- مافەکانی ئاژەڵ و رووەکی پاراستووە و هانی موسڵمانانی داوە لەسەر بایەخدان بە زەوی.

- فەرمانی پێکردووین بە رەوشت جوانی و پەیوەندییەکان نێوان خزمە نزیکەکان و دەرهاوسێکان رێکخستووە.

- وە پەیوەندی پێکەوە ژیانی بنیاتنا لە نێوان موسڵمانان و غەیرە موسڵماندا.

- وە پەیوەندی لە نێوان ئەندامەکانی خێزاندا ریکخست کە بە شێوەیەکی گەورە و مەزن مافەکانی باوک و دایکی زەمان کردووە لە سەر منداڵەکانیان.

- رێگری لە ستەم کردووە و بانگەوازی بۆ دادپەروەری و خۆشەویستی و یەکڕیزی و هاوکاری کردنی یەکتر لە خەیر و چاکەدا کردووە.

- بانگەوازی بۆ هاوکاری کردنی خاوەن پێداویستییەکان و سەردانی نەخۆش و خۆشەویستی و ئامۆژگاری کردن لە نیوان هەموو خەڵکیدا کردووە.

- رێگری کردووە لە موسڵمانان بە ئەنجامدانی مامەڵەی خراپ و قیزەون وەکو دزی و غەش و کوشتن و ستەم .

- ئەوە ئەو کەسە بوو کە ژیان و ئاکارە خراپەکانمانی گۆڕی بۆ ژیان و ئاکاری باش و جوان.

## پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کێیە و چی فێرکردین؟

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە دزی نەکات.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە درۆ نەکات.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە عارەق نەخواتەوە.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە زینا نەکات.

- وە پەیوەندی پێکەوە ژیانی بنیاتنا لە نێوان موسڵمانان و غەیرە موسڵماندا.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە غەش نەکات.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە خەڵکی بێتاوان نەکوژێت.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە ئازاری دەرهاوسێکەی نەدات ئەگەر باوەردار بێت یان بێباوەڕ.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە لە گەڵ دایک و باوکیدا بە چاکی هەڵسوکەوت بکات و خزمەتیان بکات هەرچەندە لە سەر جگە لە دینەکەی ئەو بن .

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە بەزەیی بە بچوک و ئافرەتان و لاوازەکان و کەسە بە تەمەنەکاندا بێتەوە .

## پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کێیە و چی فێرکردین؟

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە سزاو ئەشکەنجەی مرۆڤەکان و گیانداران نەدات و ژینگە تێک نەدات و خراپی نەکات .

- کەسی موسڵمانی فێرکردووە کەوا بەزەیی بە ژنەکەیدا بێتەوە و خۆشی بوێت و بایەخ بە منداڵەکانی بدات و بەزەیی پێیاندا بێتەوە تاوەکو دوایین رۆژ لە تەمەنی.

- کەسی موسڵمانی فێرکردووە کەوا پەیوەندی لە گەڵ منداڵەکانیدا هەرگیز کۆتایی پێ نایەت لە پاش تەمەنی بالغبوون و پێگەیشتن.

- هەموو موسڵمانێک موحەممەدی ﷺ خۆشدەوێت زیاتر لە هەموو دروستکراوێکی تر.

- موسا و عیسا موژدەی هاتنی ئەویان داوە.

- هەموو موسڵمانێک موسا و عیسای خۆشدەوێت و باوەڕی وایە کەوا ئەوان لە باشترین پێغەمبەرانن.

- موحەممەد ﷺ بۆ عەرەب و جگە لە عەرەب رەوانە کراوە.

- وە هیچ جیاوازییەک نییە لە دینەکەیدا لە نێوان عەرەب و جگە لە عەرەب ئیللا بە تەقوا و لە خواترسان نەبێت.

- ئەوە موحەممەدە پێغەمبەر و نێردراوی خوایە ﷺ.

## پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کێیە و چی فێرکردین؟

- ئایە زانیتان موسڵمانان بۆ موحەممەدیان خۆش دەوێت ﷺ؟

- ئایە زانیتان موحەممەدی ﷺواتە چی بە نیسبەت موسڵمانانەوە؟

- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ و فێربوونی ژیاننامەی :

سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکە :

پەیمانگای سوننە

mahadsunnah.com

ماڵپەڕی شەیخ

sarhaan.com